# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٣٥) لە ٢٠١٩/١١/٦

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣) لە ٢٠١٩/١١/٦، و ئاماژە بە ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە نووسراویان ژمارە (٢٤٤) لە ٢٠١٩/١٠/٩، بڕیاردرا بە:

١. وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەزارەت ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٦، و یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ تەنها لایەنی پەیوەندیدارە بە دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان و نابێت هیچ دامەزراوەیەکی فیدراڵی جێگەی وەزارەت بگرێتەوە لەم بارەیەوە.

٢. پشتبەست بە ماددەی (١٣٢) لە دەستووری عێراقی فیدراڵ و بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (٢٦) لە ٢٠١٨/٤/١٦، پێویستە هاوشێوەی دەزگای شەهیدان و زیندانیانی سیاسی فیدراڵی ڕاستەوخۆ تەرخانکراوی مووچە و پێشینە و ئیمتیازاتی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی خەرجیە سیادییەکانی بودجەی عێراقی فیدراڵ بێت کە لە ساڵی ٢٠٠٥وە ئەم خەرجییانە لە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان داشکێنراوە بە بێ ئەوەی هیچ ڕێژەیەکی لێ خەرج بکرێتەوە بۆ کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی هاوتای هاوەڵەکانیان لە حکومەتی فیدراڵی.

٣. ڕاسپاردنی هەریەك لە بەڕێزان (وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان) و (خالد شوانی وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسێی دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی) کە لەسەر هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بن بۆ بەدەستخستنی ماف و ئیمتیازات و شایستەی دارایی کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لە هەرێم، و سەردانی وەزارەت و دەزگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن لە حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەم مەبەستە.

٤. ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی (کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان) و (دارایی و ئابووری) بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سەرپەرشتیاری پرۆژەی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران بۆ مەبەستی بڕگەکانی هاتوو لە نووسراوی ئاماژەپێدراوی وەزارەتی ناوبراو سەرەڕای یەکخستنی دۆسیە و مووچە و ئیمتیازاتی

کەسوکارانی شەهیدان و ئەنفالکراوان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە جۆرێك کە جیاوازی نەبێت و ئەویش بە ڕەچاوکردنی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان و پیادەکردنی یەك پێوەر.

٥. ڕاسپاردنی لیژنەی کاروباری یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ هاوکاریکردنی وەزارەتی ناوبراو بە مەبەستی پێداچوونەوەی ئەو یاسایانەی کە پێویستییان بە هەموارکردنەوە هەیە هەروەك لە بڕگەی (٨)ی نووسراوی ئاماژەپێدراوی وەزارەتی سەرەوەدا هاتووە.

٦. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران